## پێشەکی بۆ کتێبی (مێژووی ڕاگەیاندن لە سنووری کۆیە)[1]

## پێشەکی

ڕۆژنامەگەری کایەکی گرنگی کۆمەڵگایە، ئەو کۆمەڵگایەی جۆرەکانی ڕاگەیاندنی لە ناو بڵاوکراوەتەوە، ڕۆشنبیرتر و پێشکەوتووتر بوون، تاکەکانی هزر کراوەتر و بیرتیژتر بوون و توانیویانە جوان و ناشرین، دۆست و دوژن، ڕاست و چەپ، باش و خراپی خۆیان لەیەکدی جیابکەنەوە، هەروەها دەرخستنی شارستانیەتی کۆمەڵگەکەش نیشان دەدا، چون ڕاگەیاندن وەک کایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی ژیان و ڕەفتار و کەلتوری کۆمەڵگاکاندا هەیە.

بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان بڵاوکراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش زاین، بەڵام نزیک بە ٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژنامە لە ئەوروپا سەریهەڵدا و وردە وردە بەرەوپێش براوە، تا گەیشتووە بەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانە بڵاوبکرێتەوە. دواتر گەشەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە بینیووە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بڵاوکراوەتەوە.

بە تێپەڕبوونی کات، بیری دەرکردنی ڕۆژنامە گواستراوەتەوە بۆ نێو کورد و مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨، کە بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەی کوردستان لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان لە

---

[1] ئەم وتارە، لە لاپەڕە ١ تا ٥ی وەک پێشەکی بۆ کتێبی (مێژووی ڕاگەیاندن لە سنووری کۆیە)، لە نووسینی (ئاری سابیر) دانراوە، کە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن چاپخانەی حەمدی، سلێمانی چاپ کراوە.

تێبینی: ژمارەی لاپەڕەکانی ناو ئەو فایلە، بە هەمان شێوەی کتێبەکە دانراوە.

قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووە، بە بێ پشتیوانی کەس و لایەنێکی حکومی، بەڵکو بە پشت بەستن بە خۆیان بڵاوکراوەتەوە.

میقداد مەدحەت بەدرخان، لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کارتی بۆ هەندێک کەس ناردووە و ئامانجی خۆی لە بڵاوکردنەوەی کوردستان بەمشێوەیە خستۆتەڕوو، "ئامانجم لە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە، بڵاوکردنەوەی حەز و خۆشەویستی زانست و پەروەردەیە لە نێو نەتەوەکەمدا، دەمەوێ کوردەکان هان بدەم تا لە ڕێی شارستانی مۆدێرندا پێش بکەون و لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبیاتە نەتەوەییەکانیان پێ بناسێنم".

ڕۆژنامەی کوردستان، هەمیشە بە چوار لاپەڕە و بە کوردییەکی جوانی زاری کرمانجی ژووروو و شێوەزاری جزیرە و بۆتان بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە چوار بەدواوە جارجارە بابەتی بە تورکیشی بڵاوکردۆتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ٣١ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی سەرکوتکارانەی ئەو سەردەمی عوسمانییەکان، نەتوانراوە دەرکردنی ڕۆژنامەکە لە قاهیرە بەردەوام بێ، بەڵکو لە چەندین شوێن و وڵاتی جوداجودا بڵاوکراوەتەوە، وەکو لەندەن و ژنێف. کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە چواری نیسانی ساڵی ١٩٠٢ بڵاوکراوەتەوە. دەکرێ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە قۆناغی ڕێنسانسی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دابنێین.

دوای ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە پتر لە کوردستان بایەخی پێدرا، لە قۆناغە جیاجیاکان ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاواز بڵاوکراوەتەوە. تەنانەت پارتە سیاسییەکانیش بایەخیان بە بڵاوکراوە و چاپخانە داوە و لەگەڵ ڕاگەیاندنی حیزب، بڵاوکراوەیەکیان وەکو ئۆرگانی حیزبەکەیان ڕاگەیاندووە.

لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار بەرچاو دەکەن، لەوانە: (ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی کوردستان (کۆماری کوردستان)، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، گۆڤاری ڕزگاری، گۆڤاری ڕوناهی، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری مامۆستا کورد، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری نیشتمان، گۆڤاری هیوا). ئەڵبەتە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەش بڵاوکراوەتەوە، کە بۆ ئێستا و داهاتوو سەنگ و بەهای تایبەتی هەیە.

لەگەڵ تێپەڕینی کات و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار، هێدی هێدی شارەکانی دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان ڕۆژنامە و گۆڤاریان بڵاوکردۆتەوە، هاوکات ڕادیۆش پەخش کراوە، لەم نێوەدا شاری کۆیە، وەکو شارێکی مێژوویی و کەلتوری و فەرهەنگی و بەیەکەوەژیان، لە ماوەی ڕابردوودا دەیان

بڵاوکـــراوەی جـــودای لـــێ دەرچـــووە و کەوتـــۆتە بەردەســـتی خـوێنەران و بە گـوێی بیسـەران و بەر چـاوی بیـنەران، بەڵام بە هـۆی نەبـوونی ئەرشـیف و کتێبخـانەی نیشـتمانی تـاڕادەیەک بڵاوکراوەکان ون بوون، یاخود سەرجەم ژمارەکانیان بەردەست نییە، کە ئەمەش نەنگییەکە بۆ مێژووی ڕاگەیاندن.

کتێبـی (مێـژووی ڕاگەیانـدن لە کـۆیە)، لە نووسـینی (ئـاری سابیر)، پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییە گرنگەی مێژووی ڕاگەیاندنە لە شـار، کە بەوپەڕی لەخۆبـووردەییەوە ناسـاندنی بـۆ سـەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کـۆیە کـردووە و لە بارەیـــانەوە دواوە، کە لە ڕێگـــای ئەم کتێـــبەوە خـــوێنەران و ڕۆژنامەنووسان بە مێژووی ڕاگەیاندنی کۆیە ئاشنا دەبن.

لە ڕاسـتیدا ئـاری سـابیر یەکـێکە لە ڕۆژنامەنووسـە ئـازا و بوێرەکـانی سـنوورەکە، کە بە درێژایـی ١٩ سـاڵی ڕابـردوو لە ڕاگەیانـدنی خوێنـدراو و بیسـتراو و بینـراو و ئەلیکترۆنـی کـاری کـردووە و جێـپەنجەی لە گواسـتنەوە و دەرخسـتنی زۆریـنەی ڕووداو و هەواڵەکانی سنوورەکە هەبووە، کە ئەمەش هاوکـار و یارمەتیـدەری بـووە، تـا باشـتر و چـاکتر کتێبێکـی لەمشـێوەیە بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە.

ئاری سابیر، جودا لە کـاری ڕۆژنامەنووسـی، ئەزمـوونی لە نووسـینیش هەیە، سـاڵی ٢٠١٩ کتێبـی (جۆرەکـانی ڕاگەیانـدن و

بنەماکــانی کــاری ڕۆژنامەنووســی) و ســاڵی ٢٠٢١ کتێبــی (ئەرکەکــانی پەیــامنێر)ی بڵاوکــردۆتەوە، لەگەڵ ئەم کتێــبەی خــزمەت بە ڕۆژنــامەگەری بە گشــتی و ڕۆژنــامەگەری کــۆیە بەتایبەتی کردووە.

پتـر لە دە سـاڵە لەگەڵ ئـاری سـابیر یەکتـری دەناسـین و چەنــدین هەوراز و نشــێومان بەڕێکــردووە، هەم لە بــواری ڕاگەیانـدن و هەم لە بـواری کـاری ڕێکخراوەیـی... لە نـزیکەوە دەیناســم و تواناکـانی دەبیـنم، لەبەرئەوە هیواخـوازم هەمیشــە سـەرکەوتوو بێ و لەم جۆرە کارانەی بەردەوام بێ و خـزمەت بە بواری ڕاگەیاندن بکات.

**زامدار ئەحمەد**

٢٠٢٢

# مێژووی ڕاگەیاندن

## لە سنووری کۆیە





ئاری سابیر